# ئەختەبوتەکە بێنن بۆ عێراق ..!

محەمەد ئەحمەد / خورماتوو




ئەختەبوت (پۆل) ، ئەو ئەختەبوتەیە پێشبینی یارییەکانی مۆندیالی ساڵی 2010 ی دەکرد بۆ بردنەوەی هەڵبژاردەکانی تۆپی پێی وڵاتان ، وەك دەوترێت ئەختەبوتەکە هەموو پێشبینییەکانی راست بوون . لێرەدا دوور لە تۆپی پێ ، عێراق ئێستا لە کێشەیەکی سیاسی گەورەدایە ئەویش لای هەموان ئاشکرایە کێشەی هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانێکە کە تاکو ئێستا لە نێوان ( عەلاوی و مالیکی)دا ماوە، ئاشنایشە وا لەدوای نزیکە پێنج مانگ لە هەڵبژاردنی 2010/3/7 ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تاکو ئێستا لایەنە سیاسێکانی نەگەیشتونەتە ئەو بڕیارەی کە سەرۆك وەزیرانێکی نوێی دەستنیشان بکەن بۆ بەڕێوەبردی کاری وەزارەتەکانی عێراق.

هەر لەبەر ئەوەی کە کوتلە سیاسێکان تاکو ئێستە نەیانتوانیەوە یەکێك لە نێوان مالکی و عەلاویدا دەستنیشان بکەن ، با (پۆل) ی خاوەن پێشبینیە راستەکان بێنن بۆ عێراق بۆ ئەوەی بزانن لە داهاتوودا کوتلە سیاسێکان لەسەر ( مالکی یان عەلاوی) رێکدەکەون بۆ دەستنیشانی بە سەرۆك حکومەتی نوێی عێراقی فیدراڵ .

هەر بەوەشەوە نە ! ئێمە وەکو کورد ئەمانەوی ئەنجامی مەسەلە چارەنووس سازەکە بزانین ئەویش کێشەی کوردستانی بوونی کەرکوکە ، کە کێشەیەکی هەرە گەورەیە لە عێراقە، نەك وەك کێشەی سەرۆك وەزیرانەکە لەماوەی پێنج مانگ چارەسەر نەکراوە، بەڵکو لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە کێشەی جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستوری هەمیشەیی عێراق چارەسەر نەکراوە، کەچی لە دەستوریشدا نوسراوە ئەبێت دۆسی کەرکوك لە ساڵی 2007 ەوە چارەسەر بکرایە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمەی کورد دەستبەردانی کەرکوکی خۆمان نابین و نە عەرەبەکانیش کە بە مولکی باو باپیری خۆیانی دەزانن.

پێشبینییەکەی من بۆ هێنانی ئەختەبوت (پۆل) هەر بۆ ئەوەیە کە چارەنووسی دۆسییە هەڵپەسێنراوەکانی کوردستان و عێراق بزانین ، بەڵام من لێرەدا ئەیڵێم گەر ئەختەبوتەکە بهێنرێتە عێراق کەس زامنی ئەوە دەکات کە بەسەلامەتی لەدوای پێشبینییەکەی بگەیەنرێتەوە شوێنی خۆی ... چونکە لە پێشبینییەکیدا کە لە یاری نێوان ( ئیسپانیا – ئەڵمانیا) پێشبینیەکەی (پۆل) بردنەوەی ئیسپانیا بوو، بەڵام لەدوای بردنەوەی ئیسپانیا ، ئەڵمانێکان هەڕەشەی کوشتنی ئەختەبوتەکەیان کرد لەبەر ئەوەی بەوتەی ئەوان پۆل روخێنەری مەعنەوی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بوو لە دۆڕاندنی لە مۆندیالدا ، بەڵام لێرەدا گەر پۆلی پێشبینی ( عەلاوی یا مالیکی) بکات و یەکێکیان بیباتەوە ، ئەهێڵن پۆڵ بەسەلامەتی بگەڕێنرێتەوە شوێنەکەی خۆی ...؟

ئەم بابەتەم تەنها بۆ ئەوەیە ببێتە (عیبرەتێك) بۆ سیاسەتمەدارانی عێراق و کوردستان ، چونکە بۆ هەر کێشەیەك لەبەر رێکنەکەوتن و گوێنەدانیان بە ئەنجامەکەی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت بۆ چارەسەر کردنی ، یا هەر چارەسەر ناکرێت ، وە نمونەی زیندو لەسەر ئەوە ، جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140 ی دەستوری هەمیشەیی عێراقە.